سەماحەتی حەکیم : پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکان کەلتوورێکە بۆ نەوەکانی داهاتووی هەڵدەگرین

لەقەزای شەترە لە پارێزگای زیقار، لە میوانخانەی هۆزی بەنی زەیدی بەڕێز، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەلایەن شێخ ڕیاز فەرهوود سلێمان ئال شەریف و کۆمەڵێك شێخ پیاوی دیاری ناوچەکە پێشوازی لێکرا، سماحەتی لەم دیدارە سەماحەتی باسی پەیوەندی مێژوویی ئەوانی لەگەڵ هۆزی بەنی زەید و هۆزەکانی قەزای شەترە کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەو پەیوەندییە کەلتوورێکە لەباب و باپیران ماوەتەوە و بۆ نەوەکانی داهاتووی دەگوازینەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە ئەو ڕکابەریانەی عەراق لەدوای ساڵی 2003 ڕووبەڕووی بووەوە کاتێك چەندین ئەجیندای دەرەکی هەوڵی شڵەژانی دۆخی ناوخۆی وڵاتیان دا، لە تەقینەوەکان دەستیپێکرد کاتێك نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانیان کردە ئامانج، دواتر بە تیرۆرکردنی شەهیدی میحراب (نهێنی پارێزراو بێت) بەگەیشتن بە دروستکردنی فیتنەی تایفی و شێواندنی وێنە و دۆخی عەراق، گوتیشی ئەو ئەجیندایانە هەوڵیاندا وێنەیەکی هەڵە لەسەر سروشتی عەراق پیشان بدەن.

سەماحەتی حەکیم باسی ئەو ڕکابەرییە ئەمنییەی کرد کە تووشی عەراق هات، لەوانە ڕکابەری ڕێکخراوی داعشی تیرۆریستی کە یەك لەسێی خاکی وڵاتی داگیر گرت، هەروەها ستایشی ئازایەتی و یەکگری عەراقییەکان و فەتوای مەرجەعیەتی باڵای ئاینی کرد لەگەڵ هاوکاری هاوڕێیان کە بووە هۆکار بۆ ئەوەی ئەمن و ئاسایش لە هەموو عەراق بسەپێت بەهۆی خوێن و فرمێسك و قوربانی زۆرەوە.

سەماحەتی حەکیم جەختی کرد لەسەر ڕێکخستنی ڕیزەکان و یەبوونی گوتار بۆ بەرژەوەندی نیشتمان و گرنگی کرانەوە لەبەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش و گوتیشی گفتوگۆ باشترین ڕێگاچارەیە بۆ لێك نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکان ، داواشی کرد هاریکاری لەنێوان هەموو لایەنەکان هەبێت بۆ بەدی هێنانی سەقامگیری و گەشەپێدان.

بەڕێز حەکیم داوای پەسەندکردنی هەر سێ دەسەیەکەی مامەڵەکردنی لەگەڵ تورکیا دووپاتکردەوە کە بابەتەکانی ئاو و ئابووری و ئاسایش دەگرێتەوە و جەختی کردەوە لەسەر بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەی دەسیەی ئاو، هەروەها داوای پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کرد و ئاماژەی بە گرنگی هاوکاری حکومەتی خۆجێی و دەزگا ئەمنییەکان و هێزە عەراقییەکانی کرد بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی نموونەیی و دڵنیاکەرەوەی وەبەرهێنان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەوڵێکی ئەتک کردن کە وەبەرهێنان و گەشەپێدان بکاتە ئامانج.

لە کۆتایی قسەکانیدا سەماحەتی حەکیم داوای پەسەندکردنی دەستوورێکی خێڵەکیی کرد کە خوێن و بەکارهێنانی چەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان قەدەغە بکات و دووپاتیشی کردەوە کە ئەم دەستوورە هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ بەهێزکردنی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە عەراقدا.

ئەم دیدارە لە چوارچێوەی گەشتەکەی بەڕێز حەکیم بۆ پارێزگای زیقار دێت، کە ئامانجەکەی لەی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ هۆزە عەراقییەکان و گوێگرتنە لە داخوازییەکانیان وئەمەش کارێکی یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی یەکریزی نیشتمانی و بەرەوپێشبردنی گەشەپێدان لە وڵاتدا.